ئەو ساتانەی لەزەیندا ناسڕێنەوە


# كە وشەی شانۆم بیست

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینوسیت

ئەو شتانەی بۆ یەكەمین جار لە ژیاندا مرۆڤ دەیانبینێ، بە ڕێكەوت بێ یان بەهەر شـێوەو ڕێگایەك بووبێ. هەرچۆن یەكـەم جار لـە ژیاندا بەفـر بارین ببینی، بـۆ یەكەم جار چلوورەی شـۆڕەوە بوو بەدار و گوێسـەباندا، یان سینەما... بەهاری ساڵی (١٩٥٦)بوو ئەوسا ماڵمان لەگەڕەكی سەرای ژوور شـاری هەڵەبجە بوو، كۆمەڵە خانوویەكی شێواز نوێی بەبەرد درووسـت كرابوو، ماڵی ئێمـە ڕووی لە بامۆك بوو، كە چاوگی بەلۆعەی شـاری لێ بوو، لە تەنیشـتی دەستە راسـتمانەوە قوتابخانەی ناوەندی هەڵەبجە بوو، واتە تا پۆلی سـێی هەبوو، بۆ یەكەم جار بوو كە نیمچە هۆڵێك یان شـێوە شانۆیەك لە هەڵەبجەدابێ. ئێمەش منداڵانی گەڕەك پتر یاری و گەمەمـان لە دەوروبەری ئەو قوتابخانەیە بوو، هاوینان ئەو ڕیزە دار توویەی بەمبەر و ئەوبـەری بەردەم قوتابخانەكەوە، یان حەوشێ، بەچاوی ئەوسـای منداڵیمەوە، گەلێك بەربڵاو و بەریـن بوو، هەندێ جاریش كە لادێیـەكان بەروو بوومیان لە گوندەكانی دەروبەری (عەبابەیلێ) وە دەهێنا، پاش سـاغ كردنەوەی، گوێدرێژەكانیان بەو درەختانەوە دەبەستەوە، ئێمەش منداڵانی چەتوون و جەربەزە، دەرفەتمان لێ دەهێنان و كێشمان دەكردنە پەنا تەپۆڵكە و بەرزاییەك ئەوسـا بە نۆرە سـواریان دەبووین، هەتا ئەو ڕۆژەی یەكێكیان بەسـەر گازەرەی پشـتا هەڵیدام و جووتەیەكی عەنەدۆڵیانەشـی تێ گرتم، بەڵام خوا پاراسـتمی ئیدی بۆ ماوەیەك لەو بەزمی كەر سـوارییەی كردم. ڕۆژێ لەو ڕۆژانەی سەرەتای بەهاری ئەو ساڵەدا بوو، منداڵە ورتكە لەحەوشەی ئەو ناوەندییە تاقانەیەدا، هەندێكمان بەتۆپـی هەوری و هەندێك بەتۆپی پەڕۆ. كە لەپارچە پەڕۆ درووست دەكراو بەداو و دەرزی و دروومان شێوەی تۆپیان پێ دەداو لە پڕا كە شـووتێكی بەهێزی لێ بدرایە، ئەوا لەحەوادا پەرش و بڵاو دەبوویەوە. لەپـڕا هەمووومان بەهۆی ئەو هات و چۆ و شـتومەك كێیشكردنەوەیەی بۆ ناو هۆڵەكەیان دەبرد، دەسـتمان لەگەمە و تۆپ تۆپێنەكەمان هەڵگرت و بەرەبەرە چووینە بەر دەرگا دوو تاكییە گەورەكەی هۆڵەكەو سـەیری ژوورەوەمان دەكرد. پاشـان ئەفەندییەك خۆی كرد بەژووردا، ناسـیمانەوە مامۆستا (ع.ع.شەونم) بوو كە گشـتمان خۆشـمان دەویسـت، جا نازانـم لەبەر ئەوەبوو كە وانـەی هونەر یان نیگاركێشانی پێ دەوتین، یان لەبەر میهر و ڕووخۆشی و هونەرمەندییەكەی بوو.

ڕووی تێكردیـن و بزەیەكـی پـڕ لەخۆشەویستی كەوتە سەر لێو و ڕووخساری وتی: دەی سـالار و مناڵینە ئێستا بڕۆن بەم نزیكانە دێن دێن بۆ بینینی شانۆیی، دەی ئاقڵینە ئێرە چۆڵكەن، وتمان: بەڵێ باشە مامۆستا گیان.

ڕۆیشـتین و هەمـووان چاومان لە یەكـدی بڕیبوو، بەبێ ئـەوەی كەس فـزەی لێوەبێ، دیاربـوو هەر هەمووان



کراوە.(کەریم بەگ) دەوری (ئیمپراتۆر نیرۆن)ی دەبینی و کاک (فوئاد) دەوری خانمەکەی دەنواند و(شاکر فەتاح)ی ئامۆزاشم ئەندامی پەرلەمانەکەیان بوو و هەروەها شانۆیی(سەلاحەدینی ئەیوبی)ساڵی (١٩٣٥)،وە چۆن چۆنی بۆ یەکەم جار(ماری مونیب) و (حەقی شبلی)دیووە

ئەوق و حەپەساوی ئەو شتەبووین کە مامۆستا وتی، وشەی(شانۆ) مان بیستبوو، بۆیە نەماندەزانی مەبەستی چییە، کەواتە پاش چەند رۆژێ دەیبینین. هاتینەوە نزیك ماڵەکانمان، پاڵمان دا بەدیوارێکەوە و لەبەرخۆمەوە وشەکەم دەوتەوە و جاروباریش حونجەم دەکرد، واتە پیت بە پیت رێکم دەخستەوە، لەپڕا هەر هەموومان کەوتینە ژاوە ژاو و بەدەنگی بەرز شانۆ شانۆمان بوو، کاتێکیش دەستبەرداری یەکدی بووین و وشەی شانۆمان دەوتەوە.

شەو داهات و ئەو وشەیە بووە خولیا و مەراقم، هەزار ئەوەندەش پەرۆشی ئەو ڕۆژەبووم کە ببینم و بزانم داخۆ چییە؟!

شەوانە باوکم گوێی لەهەواڵەکانی رادیۆ دەگرت، رادیۆیەکی گەورەمان هەبوو لەسەر مێزێکی تەختە کە پارچە کوتاڵێکی بە ئەتەمین نەخش کراوی بەسەردا درابوو رادیۆکەی لەسەر بوو مارکەی ئەو رادیۆیەش هەر لەبیرمە (مۆلارد)یان پێ دەووت، ئەنتێنی هەوای بۆ سەربان بۆڕاکێشرابوو، هەروەها بەرەو زەویش باوکم لەسەر ئەسکەملێك لەبەردەمیا دانیشتبوو، حەزیشی لەدەنگی(زهور ئەلحسین)بوو، کە دەنگێکی خۆشی پڕ لەخرۆش و لەهەمان کاتدا جۆرە نووساوییەکی نازدار لەدەنگیا هەبوو، هەرچۆن بەرەچەڵەك ئێرانی بوو، بۆیە ئەو شێوازە هێندەی دیکە شیرینی کردبوو، منیش وەستام تا پاش هەواڵ، بەدڵ و گیان گوێی بۆ گۆرانییەکە شل کردبوو، هەرکەتەواو بوو وتم: باوکە.

وتی: ها باوکە گیان، چیت دەوێ؟

وتم: شانۆ چییە؟

بەوردی سەیرێکی کردم و دەستی خستە سەر شانم و منیش لەبەردەمیا رێك وەستابووم و هەموو لەشم بوو بووە گوێ بۆ بیستنی وەرامەکەی.

وتی: کاکە گیان شانۆ تیاترە، ئەوە ئەگەر ئەم جارە (کەریم بەگی زانستی) پورزام سەردانی کردین پێی ئەڵێم بەجوانی تێتبگەیەنێ. چونکە ئەو و مامۆستا (فوئاد رەشید بەکر) کە برادەری گیانی بەگیانیمە، لەناو کورد ئەو دووانە بەر لەهەمووان ئەو هونەرەیان نواندووە، ساڵی (١٩٢٦)لەگەڵ (بێکەس) و (ئەلف. بێ.هەوری) پێشکەشیان کردووە و بانگیان کردووە بۆ بینینی ئەو شانۆییە کە ناوی(شۆڕشی فەرەنسی)بووە. بەرە بەرەش بەدەم چاخواردنەوە و لەگەڵ کاکە (لەتیف قادر ئاغا)ی خاڵمدا کە ژمێریاری شارەوانی هەڵەبجە بوو کەوتە بزواندنی و ئیدی باوکیشم کەوتە گێڕانەوەی ئەوانەی دیبووی، چ شانۆیی(نیرۆن) ساڵی (١٩٢٧)لە شاری سلێمانی پێشکەش کراوە.(کەریم بەگ) دەوری (ئیمپراتۆر نیرۆن)ی دەبینی و کاك (فوئاد) دەوری خانمەکەی دەنواند و(شاکر فەتاح)ی ئامۆزاشم ئەندامی پەرلەمانەکەیان بوو و هەروەها شانۆیی(سەلاحەدینی ئەیوبی) ساڵی (١٩٣٥)،وە چۆن چۆنی بۆ یەکەم جار(ماری مونیب) و (حەقی شبلی)دیووە.

لە دووتۆی گێڕانەوەکەیدا کە کەوتبووە نێوان باوکم و کاکە لەتیف مەوە. ئەوەندە تێگەیشتم حەقایەتە و بەزیندوویی، نەك گێڕانەوە، لەبەر چاومانا دەیبینین.

بەهەر حاڵ ئەو ڕۆژە هات و لەشارا بوویە قاو و باسی هەمووان کە هۆڵی ناوەندنی هەڵەبجە شانۆیی(بازرگانی فینیسیا)ی (شەکسپیر)کەوتە ئامادەکردن و دەرهێنانی مامۆستا (ع.ع.شەونم)ە پێشکەش دەکرێ.

ئەوشەوە تا ڕۆژ بوویەوە، خواخوام بوو زوو ڕۆژبێتەوە و بگاتە عەسر و بچین بۆ بینینی، پەردە کرایەوە و رووناکی رەنگاو رەنگ و پەردەی رەنگاو رەنگ هەڵواسرابوو، کەسەکان بەرگێکیان بۆ پۆشیبوو زۆر لام سەیر بوو، بەزاتی خوا هەتا ماوم بریق و باقی ئەو عەسرە شانۆییەم لەزەین ناسڕێتەوە. باشە چۆن چۆنی بسڕێتەوە ئەو وشەیەی کە نەمدەزانی چییە و چی دەگەیەنێ!

بێ ئاگا بووم لەوەی ئەو شتەیە کەدەبێتە لەیلای هەموو ژیانم و سەراپای تەمەنم قوربانی دەکەم، ئیدی ئەو سات و ئەو وشەیەم چۆن لەلا دەسڕێتەوە؟!

شانۆ ئەو شیرینە وشەیەیە کە لەلای من شیلەی ژیانی جاویدانی لێ دەچۆڕێ، لەو هەڵەبجەیە گوێم پێی زرنگایەوە و زمانم پێ پژا و بۆ یەکەمین جار چاوم پیادا هەڵهێنایەوە.

بەڵێ لە هەڵەبجەی سوورە گوڵی سەر پەرچەمی شارەزووری شۆخ و شەنگ.

تۆ بڵێی نەخشی سەر سەنگ بە گەردی لێی باراوی ڕۆژگار کوێر بێتەوە؟

یان خوانەخواستە لەسەر لەوحی ژیان بسڕێتەوە؟

نا، نا، نا.ئەوەش زادەی ئەو ساتانەیە کە ناسڕێنەوە.

خواخوام بوو زوو ڕۆژبێتەوە و بگاتە عەسر و بچین بۆ بینینی، پەردە کرایەوە و رووناکی رەنگاو رەنگ و پەردەی رەنگاو رەنگ هەڵواسرابوو، کەسەکان بەرگێکیان بۆ پۆشیبوو زۆر لام سەیر بوو، بەزاتی خوا هەتا ماوم بریق و باقی ئەو عەسرە شانۆییەم لەزەین ناسڕێتەوە

## کریستال:

# خوا ئەوانە چاک بکات کە دژایەتیم دەکەن



**کچە گۆرانیبێژ و ئەکتەر کریستال لە پێوەندییەکی خێرا وەڵامی چەندی پرسیارێکی گوڵانی دایەوە، پرسیارەکان هەموویان تایبەت نەبوون بە پرسی هونەر و گۆرانی و شانۆ، بەڵکو هەندێك پرسیاری تاڕادەیەك تایبەت بوون بەژیانی خۆیەوە.**

*** لەنێو خەڵك زیاتر بە کریستاڵ دەناسرێیت یاخود ئارەزوو؟**

- ئێستا من کریستاڵم و بێگومان کریستاڵ ناسراوترە.

*** هەست ناکەیت زیاتر بە ئارەزوو ناوبانگت بەدەست هێنا لەنێو هونەر؟**

-نەخێر ئەوکات کارێکی جەماعی بوو ڕۆڵی خۆمم بینی بەڵام ئەم ناسینەی ئێستا زۆر دیارترەو ئەکتیڤ ترە.

***بۆچی بواری شانۆت جێهێشت بۆ گۆرانی؟**

-من ئێستاش بەردەوام دەبم ئەگەر کارێکی باش هەبێت.

*** ئەگەر دەرهێنەرێك داوات لێبکات کە بەشداری بکەیت لە درامایەك تاچەند ئامادەیت بەشدار بیت؟**

-ئەگەر باش بێت بۆ نا، گرنگ ئەوەیە سیناریۆکە بگونجێ لەگەڵ مندا.

*** ڕات چۆنە بەرامبەر ڕەوشی هونەری دراماو شانۆ؟**

- گەشەی کەم دەبینم بەتایبەت لەشانۆ، پێویستە هەوڵێکی باشتر بدرێت بۆ هەنگاوی نوێ.

*** ئەو کەسانە کێن کەدژایەتی کریستاڵ دەکەن؟**

- بۆ من گرنگ نییە خوا چاکەیان بۆ بکات.

*** تاچەند ئامادەییت لەئاهەنگە تایبەتیەکان گۆرانی بڵێیت؟**

- ئەگەر گونجاو بێت باش بێت، ئامادەم.

*** خەونەکانت چین لەبواری هونەری؟**

- زیاتر بتوانم کاری باش بکەم بەردەوام بم لەکاری هونەری باشدا، بەتایبەت لەبواری گۆرانی.

*** پێتوایە هاوکاری کردن و تەبایی لەنێوان هونەرمەندان هەیە یان دژایەتی کردن؟**

- من خۆم دوور ئەگرم حەقی کەسم نییە.


*** چی بەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە دەڵێیت کە شتەکان بەشێوەیەکی نادروست و نەشیاو بڵاو دەکەنەوە؟**

- عەیبە نابێ وا بکرێت ڕاستی لە هەموو شتێك خۆشترە.

***ماکیاژ کردن بۆئافرەت تاچەند گرنگە؟**

-گرنگی خۆی هەیە، ئافرەت بەگشتی حەزی پێ ئەکات.

## (منداڵ و کۆترەکە)ی پیکاسۆ دەفرۆشرێت



خانەی کریستی بۆ مەزاد بڕیاریدا تابلۆی (منداڵ و کۆترەکە)ی هونەرمەندی جیهانی پیکاسۆ دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەپێشانگاکانی بەریتانیا نمایش کرا بفرۆشێت.

نرخی ئەم تابلۆیە بەنزیکەی ٧٩ ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت و بۆ خانەوادەی ئیبر کونوای دەگەڕێتەوە کە ویلزن و ئێستاش لەمۆزەخانەی تیت بریتن لە لەندەن نمایش دەکرێ، کاتێك ئەم تابلۆیە کێشراوە کە هێشتا پیکاسۆ تەمەنی ١٩ساڵان بوو و تێیدا کچێك کۆترێکی بەدەستەوە گرتووە لەنزیك تۆپێکی ڕەنگاو ڕەنگ لەساڵی ١٩٠١، پێشبینی دەکرێت هیچ مۆزەخانەیەك نەتوانێت بەم نرخە زۆرە ئەم تابلۆیە بکرێت.

# ماجیدە ئەلرومی هەڕەشە دەکات

ئەو پەیجە زۆر و جۆراوجۆرانەی کە لەسەر ماڵپەڕە کۆمەڵایەتیەکان بەناوی خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ماجیدە ئەلرومی بڵاوکراونەتەوە بوونەتە هۆی توڕەبوون و بێزارکردنی.

ماوەیەکە لەسەر هەردوو تۆڕی کۆمەڵایەتی (face book & twitter) چەند پەیجێك بەناوی ماجیدە ئەلرومی بڵاوکراونەتەوە کە بەهیچ شێوەیەك خۆی ئاگاداریان نییە، لەم بارەیەوە نووسینگەی ڕاگەیاندنی خۆی ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە و تێیدا ڕایگەیاند کە ماجیدە خاوەن هیچ پەیجێکی کۆمەڵایەتی تەنانەت وێب سایتێکی تایبەتی خۆی نییە، نووسینگەی ناوبراو لەئاگادارییەکەیدا دەڵێت: هەر شتێك لەم پەیجانە بڵاو بکرێنەوە بەهیچ شێوەیەك پێوەندی بەماجیدەوە نییە و گوزارشت لەبیروڕاکانی ناکات، لەهەر بوارێکدا، هەروەها ماجیدە مافی ئەوەی هەیە هەر ڕێوشوێنێکی یاسایی دژی ئەو کەسانە بگرێتە بەر کە ناو و کەسایەتی ئەو بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بۆخۆیان ناوبانگ دروست بکەن و بازرگانی بەناو و هونەری ماجیدەوە بکەن.





## مایا
## حەزی لەگۆشتی بە سیرە

کچە گۆرانیبێژ و ئەکتەری لوبنانی مایا نەسری ڕایگەیاند کە بەردەوام پارێزگاری لەکێشی لەشی خۆی دەکات، هەرچەندە زۆریش حەز لەخواردن دەکات بەتایبەتی گۆشتی بە سیر. مایا لەلێدوانێکدا هەر سەبارەت بەوەرزش وخواردن دەڵێ: من عاشقی پیتزام سەرەڕای ئەوەی کە نایخۆم، چونکە هۆکارێکە بۆ زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، هەروەها زۆر ئاویش ناخۆمەوە، بەڵکو زیاتر شەربەت و خواردنەوە گازیەکان دەخۆمەوە. سەبارەت بەئەنجامدانی وەرزش مایا دەڵێ: لەوەرزش دوورم و زۆر بەکەمی ئەنجامی دەدەم، تەنیا ڕۆیشتن نەبێت، ئەویش لەماڵەوە لەسەر ئامێرێکی جێگیر نەك لەدەرەوە یان لەیانە وەرزشیەکان، لەکۆتاییشدا مایا ئامۆژگاری خانمان دەکات و دەڵێت: ئامۆژگاری من بۆ ئێوە ئەوەیە کە ئاوی زۆر بخۆنەوە هەرچەندە من وانیم، چونکە زۆر گرنگە و دوورکەونەوە لەخواردنە خێراکان کە پڕن لەچەوری و هۆکارێکن بۆ بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن و کۆلیسترۆل، بۆیە چەندی لەتواناتاندا هەبێت لەماڵەوە نان بخۆن، چونکە سوودی زۆر زیاترە.



## ڕیهانا لەڕەبەنی بێزار بووە

کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی ڕیهانا ئاشکرای کرد ماوەیەك زۆر ڕقی لەژیانی ڕەبەنییە و بەپەرۆشە بۆ بوونی پیاوێك لەژیانیدا.

ڕۆژنامەی (سەن)ی ئینگلیزی لەزاری ڕیهاناوە بڵاویکردەوە کە ژیانی ڕەبەنی بێزاری کردووە و زۆریش حەز دەکات کەسێك بدۆزێتەوە ئەو بۆشاییەی ژیانی پڕ بکاتەوە، بەڵام دەبێ کەسێکی ڕۆح سووك بێت و هەمیشە بەزەردەخەنە و دەم پێکەنین بێت.

ڕیهانا دانی بەوە نا کە ئێستا تەنیا بیر لەبوونی کەسێك دەکاتەوە کە بەشداری بکات لەژیانیدا، شایەنی گوتنە ڕیهانای تەمەن ٢٤ ساڵ لەکریس براونی خۆشەویستی جیابۆوە دوای ئەوەی لێیدا و بەسێ ساڵ زیندانی حوکمدرا.

## شـەریف قەیـران:

# ئیتر خەم نەما چاوەڕێی سوپرایز بن

ئا/ خەلیل بلەیی

**● هونەرمەند شەریف قەیران ساڵانێکە وەك تێکستنووس و ئاوازدانەر و گۆرانی گوتن بوونی هەبووە، تا ئێستاش لەگەڵ چەندین هونەرمەند کاری کردووە، بەم دواییە بەسەردانێکی کورت لەشاری هەولێر بوو، لەبەسەرکردنەوەیەکدا چەند بابەتێکی بۆ گۆڤاری گوڵان خستەڕوو. ●**

بەحوکمی ئەوەی پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هونەرمەندە تورکەکان هەیە، هەوڵ دەدات لەو ڕێگایەوە جۆرێك لەتێکەڵی و لێك نزیکبوونەوە لەنێوان هونەرمەندانی کوردستان و تورکیادا دروست بکات، هەر بۆیە بڕیاریداوە بەشێکی زۆر لەکارە هونەرییەکانی لەکوردستان ئەنجام بدا و ژمارەیەك لەهونەرمەندەکانی تورکیا بهێنێت بۆ کوردستان بەمەبەستی ئەنجامدانی ئاهەنگ و کۆنسێرت، ئەو زیاتر وتی: ئێستا بەرنامەیەك لەئارادایە بۆ ئەوەی چەند هونەرمەندێك بهێنین لەڕێگای کەناڵی ئاسمانی زاگرۆسەوە، خانمە هونەرمەند جەیلان یەکێکە لەوانەی کە ئامادەیە بێتە کوردستان بۆ سازکردنی ئاهەنگی نەورۆز، هەروەها لەگەڵ هونەرمەند بورهان چاچانیش قسەمان کردووە، ساڵی پار دیسان بڕیار وابوو کە جەیلان لەکوردستان کۆنسێرت بکات، بەڵام لەڕووی ماددیەوە تووشی هەندێك گرفت بوون، لەهەموو شوێنێك هونەرمەند تاکو پارەکەی خۆی وەرنەگرێت ئامادە نییە ئاهەنگ و کۆنسێرت ساز بکات و بەپێی قسەکانی جەیلان پارەکەی وەرنەگرتبوو بۆیە ئامادە نەبوو لەکوردستان ئاهەنگ بکات، دڵنیاشتان دەکەمەوە ئەگەر لەگەڵ جەیلان گەیشتینە ڕێکەوتنێك، ئەوا تووشی هەمان گرفت نابینەوە.

شەریف قەیرانیش بەنیازە بەرنامەیەك پێشکەش بکات، بەڵام زۆرێك لەو هونەرمەندە کوردانەی بەرنامەی تەلەفزیۆنییان پێشکەش کردووە وەك پێویست سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانیوە بەردەوام بن، ئەو پێیوایە ئەم کارە پێویستە پێوەندییەکی بەهێز و لێکگەیشتن لەنێوان پێشکەشکار و دەرهێنەر و ئامادەکاری بەرنامەکەدا هەبێت و هزر وبیروبۆچوونیان زۆر لەیەك نزیك بێت، سەبارەت بەبەرنامەکە و ئەو کارەش ئەگەر لەپلەیەکی زۆر بەرزدا نەبێت، ئەوا ئامادە نییە خۆی لێبدات، قەیران دەربارەی ئەوەی کە کەناڵەکان زۆر داوا



لەهونەرمەندان دەکەن ببن بەپێشکەشکار بۆ هۆکارەکانی ئەم هەنگاوەی کەناڵەکان دەڵێ: سەرکەوتنی هونەرمەند لەو ئەزموونە بەستراوە بەتوانای خودی هونەرمەندەکە لەو بوارە، بۆ نموونە ئیبراهیم تاتلیساس توانی بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەردەوام بێت لە(ئیبۆ شۆ)، بەشێوەیەکی گشتی ئەو هونەرمەندەی دەبێتە پێشکەشکار پێویستە باکگراوندێکی باشی هەبێت لەهەمان کاتدا بزانێت چۆن ڕووبەڕووی جەماوەر ببێتەوە و وا لەجەماوەر بکات تاموچێژی لێوەربگرن و خۆی لەبەرنامەکەدا ببینێتەوە، بۆ نموونە (بیار سۆ) نزیکەی دە ساڵە لەکەناڵ (D)ی تورکی بەبەردەوام بەرنامە پێشکەش دەکات، هونەرمەندی دیکە خۆیان بەرنامە دروست دەکەن و بەکەناڵەکانی دەفرۆشن، منیش ئەگەر بمەوێ پێشکەشکارێکی سەرکەوتوو بم دەبێ کارێکی لەو جۆرە بکەم کە بتوانم بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت نەك بەشێوەیەکی کاتی و دواتر بیوەستێنین.

گۆرانیبێژ و ئاواز دانەر و تێکستنووس و بەم دواییەش نیازی ئەوەی هەیە ببێت بەپێشکەشکار، ئەم هەموو کارانە تێکەڵی و پێکەڵییەکی بۆ دروست ناکەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا قەیران دەڵێ: کە هاتیتە نێو بواری هونەری پێویستە کارێك بکەی، تا ساڵی ١٩٩٨ من هیچ ئاواز و تێکستێکم نەبوو، مرۆڤ لەهەر بوارێکی ژیاندا کار بکات و بیکاتە پیشەی خۆی، پێویستە کاری زۆری تێدا بکات بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت و کارەکەی بەرهەمدار بێت، من کارم لەگەڵ زۆر هونەرمەند کردووە ئێستاش پێوەندیم لەگەڵ هەموویان هەیە و سوودیشمان لەیەکتری بینیوە.

دەڵێن پیرەژنێك هۆکار بوو بۆ ئەوەی شەریف قەیران گۆرانی بڵێت، ئەو خۆی بەو شێوەیە سەربوردەی ئەو پیرەژنەی بۆ گێڕاینەوە و وتی: ئەو پیرەژنە ناوی(دلارا)یە و ناوبانگێکی زۆری نەبوو، لەساڵی ١٩٩٩ یەکترمان ناسی و گۆرانی (ئای دەلالا من)م پێشکەشی کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی بەکوردی باش گۆرانی بڵێت من هاوکاریم کردو بەیەکەوە دۆیۆکمان پێشکەش کرد، ئەوکات نزیکەی سەدو پەنجا هەزار سیدی ئەم پیرەژنە فرۆشران و ئێستاش ڕیکلامی کۆمپانیای تورك سێل گۆرانی ئەو پیرەژنەیە، پێشتر کەس نەیدەناسی و لەهیچ کەناڵێکی تورکی گۆرانییەکانی نمایش نەدەکران، بەڵام دوای ئەو هاوکارییەی کە پێشکەشم کرد ئیدی کێرڤی بەرز بۆوە و ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد.

پێشتر شەریف قەیران لەگەڵ هونەرمەند زەکەریا کاری کردووە، سەبارەت بەبەردەوامی پێوەندییان و ئایا بەنیازە لەداهاتوودا کاری دیکە بەیەکەوە ئەنجام بدەن، ئەو دووپاتی کردەوە کە پێوەندییان بەردەوامە و ئامادەیە و زۆریش حەز دەکات دووبارە کار بکەنەوە، بەڵام ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئێستا هەریەکیان سەرقاڵی کاری تایبەتی خۆیەتی، من تەنیا کاری هونەری دەکەم، بەڵام ڕەنگە زەکەریا ئێستا سەرقاڵی کاری دیکەی وەك بازرگانی بێت و بۆ کار کردن پێویستە بزانین هەر یەکمان بیر لەچی دەکەینەوە، بەڵام پێویستە گفتوگۆ بکەین ئەگەر بمانەوێ کاری دیکەی هونەری ئەنجام بدەین.

سەبارەت بەڕاستی هەواڵی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ خانمە هونەرمەند نازدار و سەرچاوەی هەواڵەکە، هەروەها کارکردنی لەگەڵ خانمە هونەرمەند چنار، قەیران گوتی: من لەژیانی خۆمدا چەند جار نازدارم بینیوە و نازانم ئەم هەواڵە کەی و چۆن و لەلایەن کێ و بەچ مەبەستێك بڵاوکرایەوە، هیچ جۆرە پێوەندییەکی لەو جۆرە نییە و ئەم هەواڵە دوورە لەڕاستی و لێرەوە دەڵێم ڕێز و تەقدیرم بۆ نازدار هەیە، دەربارەی کارکردن لەگەڵ چنار، ئەو خۆی حەزی دەکرد کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدەین و لەسەر داوای خۆی لەبەرنامەماندا هەیە.

سەبارەت بە بەرهەمی داهاتوویشی شەریف قەیران وتی: ئێستا زۆر لەکارەکانم تەواو بوون و زۆریش حەز دەکەم کە گۆرانی بەزاراوەی کرمانجی و زازاکی و هەورامی و سۆرانی تێدا بێت، زۆربەی کارەکانی تەواو بووە تەنیا گۆرانی سۆرانی و هەورامی ماوە.

شەریف قەیران دووپاتی دەکاتەوە کە پێشتر چەند جارێکی دیکەش باسی لەبردنی گۆرانییە کوردییەکان لەلایەن هونەرمەندە تورکەکانەوە کردووە و پێیوایە خۆی یەکێك بووە لەو هونەرمەندانەی کە تێکست و ئاوازەکانی لەلایەن هونەرمەندانی ترەوە براوە کە بەپێویستی نازانم ناویان بهێنم، بەکارهێنراوە بێ ئەوەی ئاماژە بەناوی بکەن، ئەمە لەتورکیا یان کوردستان یان هەر شوێنێکی تر بێت پێویستە ئاماژە بەناوی خاوەنەکەی بکرێت و بەکەموکوڕیی دادەنرێت و بەڕای من وەك ئەوە وایە کە منداڵێك



بناسێنی بێ ئەوەی ناوی باوکی بهێنی و بڵێ کوڕی فڵان کەسە.

لەکۆتاییدا شەریف قەیران دەربارەی ستایلی خۆی کە زۆر خەمباری پێوە دیارە وتی: ئیتر خەم نەما لەگۆرانییەکانی شەریف قەیراندا چاوەڕێی سوپرایزێك بکەن، بەڵام ئەو گۆرانیانەی کە زیاتر خەمیان پێوە دیارە ئەمانە ڕەنگدانەوەی ناخی منن.